# ڕەبەنی و قەیرەیی

**هەردی شەفیق**
Jgarsoz8181@yahoo.com



لەم وڵاتە زۆرینەی خۆشەویستیەکان بەمل شکان و کوشتن دوایی دێت .ئەم وڵاتە پڕەلەتایتانیك مرۆڤەکان سەبەبکاری ڕوداوەکەن نەك خالق.کارەساتەکان مرۆڤەکان واقیعن نەك ئەوەی سیناریۆ نوسەکان دروستیان کردبێت .زۆرینەی کوڕانی ئەم وڵاتە بەزۆرێك لەژندارەکانیشەوە خەیاڵی هەندەران وسەرهەڵگرتن خەیاڵی داگیرکردوون و کچانیش تەنهایی ونائومێدی داگیریانئەکات و لەچاوەڕوانی فریادڕسێکدا لەتەنهایی و دۆزەخیماڵەوە ڕزگاریانکات ڕۆژو دەقە ئەژمێرن بەکورتی و بەکورتی زۆرینەی گەنجی ئەم وڵاتە بەدەست هەندەران و تەنهایەوە گرفتارن .سەرەڕای قسەوقسەلۆکی ناوکۆمەڵ باشەبۆژن ناهێنیت؟یان چۆنە تائێستا شوت نەکردووە ؟ئاخرگەنجێك چۆن لەژیانی هاوسەرێتی ناترسێت موچەکەی لەکرێ خانوەکەی کەمترە؟بەدەرلەوەی ئەگەر ماڵەباوانی لەڕوی مادیەوە دەست کورت بن ئەوا قوڕئەکرێت بەسەریا ئەمە سەرەڕای داواکاریە زۆرو زەوەندەکانی هەندێك کچ و چاولێکەری کچان کەئیستا بووەتە مۆد کچی فلاَن کەس ئەوەندە مسقاڵی بۆکراوە منچیم لەوکەمترە ؟جیاوازی ئاستی گوزەران و بواری کۆمەلآیەتی و چونەسەرماڵی بووکیش لەولاوە بابووەستێ.

بەداخەوە سەختی باری گوزەران نەك هۆکارێك بووە بۆ چونەوە سەرماڵ و دروستکردنی کێشەی چوونەوە سەرماڵبگرە کێشەی جیابوونەوەی زۆریشی بەدوای خۆیدا هێناوە .بێکاری و هەژاری و سەرهەڵگرتنی لاوەکانیش کەئێستا ڕێژەی ئافرەتی بەشێوەیەکی بەرچاو لەچاو پیاواندا زیاترکردووە و گەورە و بچوکی لەژنهێنادا کەئەمەش زۆرینەی جارخێزانێکی تێك شکاو پەرتەوازە بەرهەم ئەهێنن ئەبێتە هۆکاری جیابوونەوەو تەلأقدان .سەرەڕای ئەوەی هەژاری سەرچاوەی جۆرەها هۆکاری دزێوو بلأوبوونەوەی ڕەشبینی و خۆکوشتن وهەست بەکەمایەتی کردن و... هتد یە بۆیە پێویستە بەجدی حوکومەت ئاوڕێك لەباشترکردنی ژیان بداتەوەو چیترکچانیش وازلەبڕو بیانوی جۆراو جۆر بهێنن وەك داواکردنی سامان وسەیارەو ماڵ و زێڕی زۆر و... هتد چونکە لەم وڵاتەدا ڕێژەی نێرینە لەچاو مێینەدا بەڕادەیەکی زۆرکەم بووەتەوەو ئەو گوزەرانەی هەندێك کچ داوای ئەکەن بەکەم کوڕ دابین بکرێت و کاریش بەوشێوە بڕوات قەیرەو ڕەبەنەکان چەند بەرابەر زیاتر زیاترئەبن لەژن وپیاوەکان